ئەگەر مرۆڤ بمرێت کردەوەکانی دەپچڕێت؛ جگە لە سێ شت نەبێت: خێرکردنێکی بەردەوام، یان زانستێك سوودی لێوەربگیردرێت، یان منداڵێکی چاك نزای بۆ بکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر مرۆڤ بمرێت کردەوەکانی دەپچڕێت؛ جگە لە سێ شت نەبێت: خێرکردنێکی بەردەوام، یان زانستێك سوودی لێوەربگیردرێت، یان منداڵێکی چاك نزای بۆ بکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە کردەوەی مردوو دەپچڕێت لەپاش مردنی، بۆیە هیچ چاکەیەکی تری دەستناکەوێت لەدوای مردن مەگەر لە سێ شتدا نەبێت؛ چونکە هۆکار بوو بۆئەوەی بێنە دی: یەکەم: خێرکردن؛ ئەو خێرەی بەردەوامە بۆیە پاداشتی بە بەردەوامی دەستدەکەوێت وناپچڕێت، وەکو وەقف ودروستکردنی مزگەوت ولێدانی بیر وهتد. دووەم: ئەو زانستەی خەڵکی سوودی لێدەبینێت، وەکو دانانی کتێبی زانستی، یان کەسێکی فێرکردووە وئەو کەسە لەپاش مردنی زانستەکەی ئەو بڵاو دەکاتەوە. سێیەم: منداڵێکی چاکی ئیماندار نزا بۆ دایك وباوکی بکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65566